# تەنها گرتنەبەری هەنگاوە ئەمنیەکان بەسە
# بۆ نیشاندانی گاڵتەجاری پرۆسەی ریفراندۆم لەسەر دەستور !

بەجیا لە ناوەڕکی کۆنەپەرستانەو ئیسلامیانەو تائیفەچیانەو عەشایەریانەو دژە ژنانەی دەستور، بە جیا لەوەی کە ئەم دەستورە، دەستوری دابەشکردنی شوناسنامەی کۆنەپەرستی یە بەسەر ئینسانەکانی عێراقدا، وە بەجیا لەوەی کە ئەم دەستورە ڕاستەوخۆ سەرکوتو زەوتکردنی مافی خەڵکی کوردستانە لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیدا بۆ جیابونەوەی کوردستان یان مانەوە لە چوارچیوەی عێراقدا لە ریگای ریفراندۆمیکەوە.. وە بەجیا لەوەی هەر ڕۆژەو بەندێکی لێدەگۆڕنو دواین جار ڕۆژی 12 بوو کە چەند بەندیان بۆ زیاد کردوو دەستورەکەش کە ئەم ئالوگۆڕەی تیدانیە بەسەر خەڵکدا دابەشکراوە... بەجیا لەهەموو ئەوانە ئایا گرتنە بەری ئەو هەموو ڕیگا ئەمنیانەی وەزارەتی ناوخۆ لە داخستنی سنورەکانو تەنانەت داخستنی هاتوچۆی نێوان شارەکانو قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانەو، پێکهێنانی 3حەلەقی پاراستنی ئەمنی بۆ ناوەندەکانی دەنگدانو پاراستنی سنورەکان بە فرۆکەو ....هەر ئەم هەنگاوانە بۆ خۆی ئەوە نیشان نادات کە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی گاڵتەجارانەیە، پرۆسەیەکە لە سایەی وردبونی ئیرادەی خەڵكو بیٚ ئومێدیان بە ئایندە دەبرێتە پێشەوەو پراتیك دەکرێت، ئەگینا ئەم پەلە پەلە چیەو بۆچی لە سایەی هەلومەرجیٚ:ی ئاوا خەتەرناکی ئەمنیدا خەڵك ڕاپێچی دەنگدان دەکەن؟! خەڵك ئەگەر لە گیانی خۆی ئەمین نەبێت ئیتر چۆن ئازاد دەبێت لە دیاریکردنو هەڵبژاردنی دەنگەکەیدا!!وە ئەگەر ناچار بکرێت بچێت بۆ دەنگدان لە سایەی ڕەحمەتی سنور داخستنو فرۆکەو قەدەغەکردنی هاتوچۆدا، چ هێزو دەزگایەك هەیە لە دنیادا زامنی نەزاهەتی ئەم دەنگدانە بکات؟!و.... کۆسپی خەڵکی عێراقو کوردستان کەی دەستورو نوسینی دەستورە؟! کۆسپو تەگەرەکانی خەڵکی عێراقو کوردستان، نەبونی کارەباو ئاوو سوتەمەنیو خانوبەرەو ڕیگاوبانی گونجاوە، فراوانبونی گەندەڵیو نەبونی ئەمنیەتو ئازادییە سیاسیەکانە...بەجیا لەهەموو هۆیەکانی دیکە تەنها گرتنەبەری ئەم هەنگاوە ئەمنیانە بەسە بۆ ئەوەی خەڵك گاڵتە بکات بەم ڕۆژەو ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی چەواشەکارانە بناسێتو لەم ڕۆژەدا بەیەك دەنگ هاوار بکات ئەمنیەت پێش دەستور، چونە دەروەی هێزەکانی ئەمەریکا پێش دەستور، ئازادی پێش دەستورو کارەبا پێش دەستور... لە کوردستاندا جێگای خۆیەتی ئەمرۆژە بکرێتە ڕۆژی هاوارکردنی خەلکی نارازی کوردستان بەدەوری دروشمی "ریفراندۆم بۆ خەلکی کوردستان پێش ریفراندۆم بۆ دەستور"و بکرێتە ڕۆژێك دژ بە گەندەڵیو سەرەتایەك بۆ دابینکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە دابینکردنی کارەباو ئاوو سوتەمەنیو دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکان....

**سامان کەریم**

**بەرپرسی ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/10/13